
# گۆرانی



چەند ناخۆشە ڕێگایەکی دور و درێژت لەبەربێوتۆش ماندو شەکەت! لەش بەبار و دەرون زامدار، برسی وبێ پەناو بێ هاوڕێ!

بێ زەوادو بێ توێشو، پێخاوس و سەرقوتین، سەرمابدا لە بالت، (ترسیش) سەرباری باران بێت! داغ، بەڵێ زوخاویش لە دڵدا لە دەروندا ئەوەندە خەست و بەجۆش بێ ئاسپالات بهێنێتە لەرزەو کەچی توانای ئەمێشتنی هۆی داغ و زوخاویشت نەبێ! چەند ناخۆشە قافلەیەکت بوبێ و جەردە لێی دابێ، ئەبزگورێکت بۆ دەرچوبێ و ئەکەلاکی بارگەو بارخانەت! بێزار لە جەردە، بێزار لە شەریکی دز و ڕەفیقی قافلە! بێزار لە درۆودەلەسەی سەرقافلەباشی و لە ترسنۆکی حەس حەس، وەزەس لە ترسنۆکی و وەبەبەردانی هاوڕێ! چەند ناخۆشە دەرک بکەی بەهەموو کەموکورییەک، بەهەموو ناتەواوییەک کەچی نەشتوانی خشتێ بخەیتە سەرخشتی باسەکی خۆڵ بکەی بەسەر پیسایییدا بۆ ئەوەی بۆگەن قەدارت نەکات.

وەرە سیرکت پێ ئەهەلوابێ کە خۆتی پێ بخورێنی، دەستت نەبێ شقی پێ هەلبگری، قاچت نەبێ پێلی بروی، هێزت نەبێ بەپێوە ڕابوەستی وەک پیاو، زمانت نەبێ هاوارێکی پێبکەی کاتی تەنگاو، ئەبلەق وەستاو، ملشوڕ و سەرخەم!

چیبکەین؟! بگرین و فرمێسک ببارێنا وەک سەیلی بەهار هەتا تەڕایی لەسەرچاوەی چاوان وشک ئەبێ و ئەبێ بە کوێرەکانی؟! یان وەک پیاوانی مەرد قولپی بێ دەسەلاتی لە قوڕگمانا بخنکێنین و بیکەین بە سرودی شۆڕشگێڕی؟! گریان؟! نەء، سرود، ئاواز و گۆرانی.. سروود و ئاواز و گۆرانی ئـــاوە بۆتینو، زەوادەو تێشو، بەرگە بۆ لەش، هێزە بۆ زەبون، پەنایە بۆ بێ دالدە، هاوڕێیە بۆ وێڵ،

داخ لە دڵ ئەکاتە دەرو زوخاو ئەکا بـــە ئەقەمـــەنی و تـــرس ڕاوەدو ئـــەنێ! ســـەبوریت ئـــەداو ورەوزاتت زیاتر و بە گوڕتر ئەکاو گیانێکی نوێت ئەکاتەوە بەبەراو ڕێت بۆ ئەهێنێتەوە یەك و مەردانە هەڵ ئەسێتەوە و کوردانە ڕێ ئەبڕی!

ئەگەی بگریت، چاوت بەفرمێسك، دڵت بەترس، ئەژنۆت بە لەرزین، زراوت بە تۆقین ڕانەهێنی، هەتا ماوی لەگەڵ منا گۆرانی بڵێ! هەموشتێکیش لەم ژێر گومەزی شینەدا دوایی بێت هەرگیز گۆرانی دوایی نایەت و هەر ئەمێنێ.

## گۆرانی یەکەم

دڵ بەداخ، لێوبەبار، ڕوم کردۆتە مەزار! هەر زوخاوە و جەخار، بەخەربار، دێتەدەر ئەڕژێتەخوار! شین و ڕۆ ڕۆیە. هاوار و سنگ کوتانە! پایزە و گەلاڕێزانە. بۆ مەرگی نازیزانە! قوڕپێوانە لەسەر هەمو قەبرێکی ئەم گۆڕستانە...

بەلام ڕۆڵەی بەجەرگ و ڕووناکی دیدەی من نە گۆڕهەڵکەن ئەوێرێ دەستت بۆ درێژ بکاو نە قەبریش زات ئەکا بتگرێتە خۆی!

ئەویان ئەزانێت کە بەو دەستە پیسانە پاکی بۆ ناشێژرێت و گۆڕی تاریکیش ئەزانیت کە ڕووناکی و بەجەرگیی نیمە هەرگیز لەگەڵ ئەوا هەڵ ناکات، کرمی چڵێسیش لەوە ترسنۆکترە کە زات بکات و بوێرێ دەم لەو لەشە پاکەو لەو کانگای بیرە درەوشاوە شۆڕشگێڕییەت نزیك بکاتەوە!

نە گۆڕهەڵکەن، نــە قــەبر، نــە مــار و مــێرو جرۆجانــەوەر، هــەرگیز بەرووناکی بە گیانی شۆڕشگێڕی ناوێرن.

